KOYA UNIVERSITY

پڕۆژەی ئینسایکلۆپیدیای کۆیە



کۆبەرهەمی بڵاونەکراوەی تاهیر ئەحمەد حەویزی

یاری کوردەواری

40583

Preview sample - page 1 of 8 - Soran University Academic Digital Library

ناوی کتێب : یاری کوردەواری
نووسەر: تاهیر ئەحمەد حەویزی
بابەت: ئەدەبی فۆلکلۆر
پێداچوونەوەو ڕێکخستنەوەی: پ.ی.د. دەریا جەمال حەویزی
پێتچنین: شیاو سەرتیپ تاهیر جەڕاح
دیزاینی ناوەڕۆک: باوکی دارین
دیزاینی بەرگ: ڕێبەر سەرتیپ تاهیر جەڕاح
نۆبەتی چاپ: یەکەم
سالی چاپ: ٢٠٢٠
شوێنی چاپ: کوردستان ـ هەولێر ـ کۆیە
چاپخانە : سەنتەری لاس ـ کۆیە

لێژنەی سەرپەرشتی چاپ: پ.ی. د. حەیدەر لەشکری، پ.ی.د.لوقمان وسو عمر، پ.ی.د. دەریا حەویزی، مۆگر رسول أحمد، ڕێبەر سەرتیپ.

لە بڵاوکراوەکانی زانکۆی کۆیە ـ ژمارە (٢٧)
پاشکۆی ئینسایکلۆپیدیای کۆیە

سەرنج: زانکۆی کۆیە دەستنووسەکانی مامۆستای منێژوونووس وەك خۆی چاپ دەکات، زانکۆ بەرپرس نییە لەناوەڕۆکی کتێبەکان.

Preview sample - page 2 of 8 - Soran University Academic Digital Library

پێشەکی نووسەر

مرۆڤ حەزی لەجوڵانەوەیە، وە پێی خۆشە کاتی بێ ئیشی بەشتێکەوە ڕابوێری، بۆ حەسانەوەی، لەش وە میشک، وە تا پێی بکرێ شتێکی وا دەکا، کە دڵی پێ بکرێتەوەو وەقتی پێ ڕابوێرێ .

وە گوتراوە: "چەپڵە بە دەستێک لێ نادرێ"، وە"مرۆڤ ئۆگری مرۆڤە"، وە دەگەڕێ لەگەڵ هاوتەمەن و هاوبیری ڕابوێرێ، یاری چەشنە جوولانەوەیەکن، هەندێکی ئەرکی گران وە هەندێکیش سووکەڵەن، لە هەندێکیان مرۆڤ تووشی هانکەهانک و هەناسەبڕکێ دەبی، وە مرۆڤ بەزۆری لەو یاریانە دەگەڕێ، کە دڵی پێ خۆش بی و گاڵتەجاری بێ و لەزۆریان پێکەنینی تێدابی.

هەر شارو گوندو هەر خێڵەک، چەشنە یاریەکیان هەبووە، وە لەشارەکانیش هەر گەڕەکە، یاری سەربەخۆی هەبووە.

زۆر یاری شارەکان ناویان جیایە، بەڵام بەڕێوەچوونیان یەکە، زۆر یاریش هەیە، لەبەر لێک دوورکەوتنەوە، دەستوورو شێوەیان دەگۆڕێ، وە دەبنە هۆی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانەکە، وە زۆر یاریش هەیە، لەهیچ ڕوویەکەوە پێک ناچن.

لەکاتی یاری کردنا، زۆرجار دۆستایەتی و یەکتر ناسین پەیدادەبی، وە هەندێ جاریش ناکۆکی و ڕقەبەری و شەڕو بەڵکو لێکدان و شەر شکانیشی لێ پەیدا دەبی، بەڵکو شتی گەورەتریش، زۆرجار بوویتە هۆی دووبەرەکی، وە زۆرجاریش کەوتینە بەینی، چاکیان کردینەوە.

Preview sample - page 3 of 8 - Soran University Academic Digital Library

گەر سەرۆکی شارەکان، بۆ ئامانجی خۆیان بەکاریان نەهێنابن، قسە بڕینەوەکەیان زوو کۆتایی دەهات، چونکو ئەوەی ئازابا، گەورەی گەڕەک، یا شار، نالێم ئاغا یا بەگ یا شێخ یا سەید یا ئەفەندی یا کێخوا یا مختار، زوو هەڵی دەبژاردو دەیگوت: ئەوە شێرێ منە، ئیدی کابرا لەخۆ دەردەچوو، ئەگەر بە پەلێک دانەدرابا، باش ناوی دەردەکرد.

نەتەوەی کورد، زۆر لافاوی نەتەوەکانی تری دیوە، داب و دەستووری ئەوانیش لەناومان ماوەتەوە، تەنانەت هەندێ وشەو (إصطلاح)ی زوبانیان بەهەڵبژێرکاوی بۆمان بەجێماوە، بنەچەکەی هەندێکیان دەبێ بگێڕیەوە بۆ زوبانەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دوور.

وە لەنەقل بوونی ماڵە مڕمورێک لەشارێکەوە بۆ شارێکی وە تێکەڵاوی منداڵەکانیان لەگەڵ منداڵانی شارەکە، یاری و ڕەوشت و وشەی سەیری لێ پەیدادەبێ، ئەمەیە گۆڕانی: زوبان، یاری، ڕەوشت، ... لەناو هەمور نەتەوەیەکدا .

خۆم هەتا تەمەنی (١٥-١٦) سالّی لەزۆر لەیاریەکان لەگەڵ دراوسێ و خزمان، بەتایبەتی گەڕەکی بەفریقەندی، بەشداریم کردیە، لەهەندێکی بەترسەوە، لەزۆریشیان بەئارەزویکی گەرمەوە، بەڵام کە چوومە هەولێرو چوومە متوسطە (قوتابخانەی ناوەندی) و چاکەت و پانتۆڵم لەبەرکرد، دووبەشی لەبەر قۆناغی خوندنم و چاکەت و پانتۆڵ لەبەرکردن و سیدارە لەسەر نان، لەو گەمانە کشامەوە، بەڵام هەوەسم لەسەیرکردنی تۆپی پێ بوو، هەر لەسەرەتای یاری هۆگرم لۆ لایەکی دەچوو، وە کە هەولێر یاری لەگەڵ کرکوک دەکرد، زۆر مەیلم بۆ نیبی

Preview sample - page 4 of 8 - Soran University Academic Digital Library

هەولێر دەچوو، کە قوتابخانەی خۆمان بوو، بە من با هەولێر بیباتەوە کە ئەوسا وا بوو، زوو زوو هەولێر دەیدۆڕاند، وە لە رقی کرکوک هەوەسمان بە موصل دەهات کە لە کرکوکی دەبردەوە.

ئەو یاریانەی کە نووسیومەتەوە، بەزۆری هی شاری کۆیەن، وە تام و چێژی تایبەتیان هەیە، وە زۆر فۆلکلۆرین، هەندێ زاراوەی وایان تێدایە، کە زۆری فەوتاون، لەهیچ شوێنێک نییە.

بۆ ئەوەی ئەم یاریانە ـ کە زۆربەیان نەماون ـ ، وە خۆم کەزۆرجار بەشداریم کردیە وەک: کەلایانێ، ڕگانێ، جگانێ ..... زۆرم لەبیر چووینەوە ـ بەتەواوی نەفەوتێن، وا دەستم بەنووسینەوەیان کرد، کە درەنگیش بەخۆ کەوتم.

ئەوەی ئێستا تەمەنی لە(٥٠) ساڵی کەمتر بی بەشی زۆری ئەم یاریانە نازانی، شارەکانی کوردستان، هەر گەڕەکە، یاری تایبەتی خۆشی هەبووە، زۆرجار منداڵان جیهانێکی تایبەتیان بۆ خۆیان دروست دەکرد، هاو تەمەنەکان باش بوون، زۆرجار لەوان گچکەتر لەهەموو یاریەکی پێک نەدەکران، لەناویان هەبوو عەجوول و تروک، بەڵکو حەسوود، زۆرجار لێک دڕدۆنگ دەبوون، یا قسەیان دەبڕیەوە، یا بەشەڕ دەهاتن، منداڵان ئەگەر قسەیان ببڕیبایەوە، قلینچکی دەستی ڕاستەیان تێک دەخست و بەتوندی پەنجەیان بەردەداو دەیانگوت:"خێ و ترش"، یان"ترش و خێ"، یا "ئەمن لەسەر ئاش ئەتوو لەبن ئاش، هەتا ڕۆژی قیامەت نەبینەوە وەڵاش"، وە ئیحمیان بۆ یەکتر دەکێشا، وە یا شانیان لەشانی یەک دەدا. (ئحم) ئەوی دی دەیگوت:"پێت دا فسم".وە هەبوو

Preview sample - page 5 of 8 - Soran University Academic Digital Library

لەمندالیەوە بەدخوو بوو، نینۆکی پەنجەی گەورەی لێک دەخشاند، بەدزی یا بە ئاشکرا دەیگوت:'دوو نینۆکان دەخشینم، دوو کەسان بەشەڕ دێنم'.

هەبوو، دوو خێتی لەعەردی دەکێشا، دەیگوت:'ئەوە خێتی پیاوان، ئەوە خێتی ژنان'، وە وەک کەلەبابی دوچەیان بۆ یەک دەکێشا و تێک بەردەبوون، هەبوو سەیریان دەکردن، هەشبوو خێرا لێکی دەکردنەوە. هەبوو کەلەگایی بەسەر ئەویدا دەکرد، وە هەش بوو لەسەر ئێکیان دەکردەوە.

وە لەبۆ چاکردنەوەشیان، یەک دو وەک دەکەوتنە بەینی، دەیگوت:'ناوم بینە، تا ناوت بینم'.

دەیگوت:' نەء ئەتوو ناوم بینە'.

جاری وا هەبوو بێ ئاگا ئێک ناوی ئەویدی دەینا، ئەویدی دەیگوت:'عەوجە، لەسەر گووی بقەوچە'. واتا عەوجەم بوویەوە، واتا ئیحتیاجی بە ئەو بوویتەوە.

وە کە چاک دەبوونەوە، بەتایبەتی نەختێ بێ دەسەلاتەکە، دەکەوتنە ئەوپەڕی شادی[1].

جاران لەدیوەخانی لادێکان بەشەو بۆ ڕابواردن بەبلووڵ لێدان و حەیران گۆتن وە شەوانی زستانیش بە پیت کردن و کالەمستێی وەقتیان بەڕێ دەکرد.

---

[1] بەمن بێ نەگەر شێتکم نووسیبوە، لەکارکارەی بدەم و هیچ نەمێنمەوە، کەچی هەر ناگەڕێمەوە کەموکورتی هەر دەمێنی.

Preview sample - page 6 of 8 - Soran University Academic Digital Library

یارییەکان بەپێی کات و تەمەن بوە، یاری زستانە، بەهارە، هاوینە، وە پایزە، یاری پیاوان و بەڵکو جاحێران و منداڵان، وە لەمنداڵانیش یاری کێژۆلان و کوڕان جیابووە.

یاری کێژەکان هی بەڕۆژێ هەبوە، وە هی بەشەوێ هەبوە.

١. یاری فەقێ یان.

٢. یاری زستانە: ١. بەڕۆژ. ٢. بەشەو : (یاری گەوران، یاری گچکان).

هەر یارییەک لەسەر پارە کرابا، ئەوە قومار بوو، بەناوی ئایینی حرام بوو، وە بۆ ڕابواردنی چەند کەسانێک بوو.

وەک کاغەزانێ: ٣ پەڕ، ٥ پەڕ، توپ، التمیش ئالتی، شیت و شەش، ئاگرە، ئەم یارییە کاغەزانەیە تورکە عوسمانییەکان هێنایەنە ئەم ناوە، یاری (چەعبین) وە یاری (باصمە) قوماری گەورە بوو، وە کۆنکان و پۆکەرو یارییەکانی تر لەسااڵنی سی و چلەکان لەکۆیە بڵاوبوونەوە.

وە تاوڵەو چەشنەکانی: گوڵبەهار، سی و یەک، محبوس... وە مقاڵەو دۆمینەو ئەزنیف و دامەو شەترەنج کۆنن لەقاوەخانەو دیوەخان و ماڵان دەکرا.

وە کۆلارەو سێ ڕسکانێ و نۆ ڕسکانێ، ئەمانەش ناتوانین وەک یارییەکانی تریان بژمێرین هەر بۆ چەند کەسانێک بوو، خۆیانی پێوە بخافڵێنن، کۆمەڵی نەبوون.

مەلەوانیش هاوینان بۆ ڕابواردنی چەند کەسانێک بووە، هەبووە وەقتی پێ ڕابواردییە، وە شەڕە گەڕەک ئەمە بەیاری حساب نەبوە، بەڵکو ئیشێکی ناخۆش و بۆنی ناحەزی و دوژمنایەتی لێ هاتوە.

Preview sample - page 7 of 8 - Soran University Academic Digital Library

وه شەڕە سە، شەڕە کەلەباب، شەڕە کەو، بە یاری کردن حسێب نین.
سوارسوارانێ و جلیت و ڕمبازی و قۆشمە ... ئەمانەش دیمەنێکی
جەنگ و جەنگاوەرین خەڵکیان هاتینە سەیری و یاری ئەوان بابەتێکی
کە بوە. وە زۆرانبازیش لە بەینی چەند کەسانێکە.
هەر یارییەک بردنەوەو دۆڕاندنی تێدا نەبی، سارەدە، تەنانەت ئافەرینیش
هەر باشە چ جایی خەڵات.
ئەم کارە، نووسینەوەی یارییەکان کارێکی زۆر گرانە، یەکەم زۆر کەم
کەس ماون، کە ئەم یارییانەیان کرد بی، وە یا بەتەواوی لەبیریان مابێ،
دووەم ئەگەر هی هەموو شارو دێیەک بنووسینەوە، بەتەنها کەسێک و
بەدوو ڕۆژو سێ ڕۆژو سال و دووسال ناکرێ، زۆر دەستەی
شارەزاو گورج و گۆڵ و بەخەم و کیسەپڕی دەوێ، لەبەر جیاوازی
ناوی یارییەکان و چەشنی گەمەکردنیان، بۆ نموونە لەکۆیە دەڵێن
"پەلیک"، لەسلێمانی دەڵێن:"هەلووک"، لەگوندی شیلە کە سەعاتە ڕێیەک
لەکۆیە دوورە دەڵێن:
"هەلیک".
زۆر ڕابواردنی تریش هەیە، لەبەشەکانی (بۆ میژوو) کە قسەی دەمان
دەمن بە دەردەکەوی.

تاهیر ئەحمەد حەویزی
١٩٩٢/١٢/١٤

Preview sample - page 8 of 8 - Soran University Academic Digital Library